# چاوپێکەوتنی نێوەند لەگەڵ ئیسماعیل حەمەمین

## سەبارەت بە پرۆژە یاسایی سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان .

**کۆمەڵگەی کوردی هیچ پیرۆزیەکی نەماوە لەکەدار نەبێت، هەر لەدزینی نانی دەمی مناڵانی کوردەوە بیگرە تاوەکو گەندەڵکردنی سەرجەم دەزگا زیندووەکانی کۆمەڵگە. پیرۆزی چیە کەمرۆڤ لەگەڵ پیاوکوژانی دوێنێ خۆیدا ئاشتبێتەوە،......**

نێوەند: یەکێك لە برِگە کانی پرِوَژەیاسای سەندیکای رِوَژنامە نوسانی کوردستان کە ئێستا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە. با س لەوە دەکات کە دەبێت رِوَژنامە نوسان لەکوردستان ئەو هەواڵ و زانیاریانە بلاَونەکەنەوە کەزیانی بوَئاسایشی نەتەوەی دەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەو پرِوَژەیاسایەدا ئەوەروون نەکراوەتەوە کە ئاسایشی نەتەوەی چیە تا رِوَژنامە نوسان خوَیانی لێ بەدوور بگرن .پرسیارەکەی من ئەوە یە بونی ئە برِگەیە لەم یاسایەدا نابێتە کوَت و بەند بوَ ئازادی رِاگەیاندن لەکوردستان .

ئیسماعیل حەمەئەمین: جارێ نەتەوە بوونی نیە تاوەکو ئاسایشی بپارێزین،ئەمە جگەلەوەی جەوهەری دەسەڵات لەکوردستاندا دیموکراتخوازنیە. لەبەر ئەوەهەموو میتۆدێکی دیموکراسی لەبەردەم هەرِەشەی سانسۆردایە. یەکێک لەو میتۆدە دیموکراتیانە ئازادی رۆژنامەنوسیە بەهەموو جۆرەکانیەوە. ئەمە جگەلەوەی نابێت ئەوە لەبیر بکەین کەئەم هێزانەی ئەمرۆ لەدەسدڵاتدان بەشێکن لەو ئۆلیگاریشیەتەی قاچێکیان لەنێو خێڵدایەو قاچێکیشیان لەنێو کولتوری ئیسلامەویەتەدایە. هێزە سیاسیە سەرەکیەکاکان پێکهاتەکن لەو جۆرەتوێژە سیاسیانەی بەرژەوەندی ومانەوەیان بەتوندی بەو خێڵ وتەقلیدی ئیسلامەویەتەوە پابەستە کەئەمرۆ لەسەرانسەری ئێراقدا لەتەحالوفاتی بەهێزدان. با ئەو دورشمە بریقەدارانە هەڵمانەخەڵتێنێت کە گوایە ئەم پارتە سیاسیە سۆسیالستیە وئەویتر سۆسیال دیموکراتە وئەویدیکە دیموکراتە. ئەمانە هەموویان بەجیاوازی پێناسەی پارتە سیاسیەکانیانەوە لەبنەرِەتدا لەیەک سەرچاوە سەریان هەڵگرتووە: خێڵ و ئیسلامەویەت. لەم هەقیقەتە سادەیەوە سەیری جوگرافیای پەرِلەمانی کوردی بکەین، ئەو چوارچێوەیەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەیاساکان و گفتوگۆکان لەنێوانیدا هەڵدەسورِێن. گومانی تێدا نیە ئەم یاسایەش هەر لەسۆنگەی ئەم بەرژەوەندیە خێڵەکی وترادیتسیۆنە ئیسلامەویەوە خۆی فۆرمولەکردووە.

لەسەرتادا گووتم: نەتەوە بوونی نیە تاوەکو ئاسایشی بپارێزین!. بەهەقەت تاوەکو وەهایە، ئێمەلەرِوویی سیاسیەتی ئەمرِۆی کوردەوە، تاوەکو ئێستا نازانین ئێمە کێین!!. نەتەوەیی کوردین یاخود ئێراقین!. دەبێت پەرِلەمانتارانی کوردی کەبرِیاریان لەسەر ئەم یاسایە داوە دەستەواژەی (نەتەوە) مان بۆ پێناسە بکەن تاوەکو بزانین لەرِوویی یاسایەوە مادامەکی ئێراق فرەنەتەوەیە وهەموو نەتەوەیەک خاوەنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیەتی مەبەستیان کامە نەتەوەیە؟. جا ئایا بەهەقەت لەئێراقدا ئەم مۆدێلە بوونی هەیە!. گەر ئێمە ئەوەندە سەربەخۆین و ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان هەیە،ئەی کەواتە بەشێک لەئێراق مانای چی!. هەندێک کارهەن لەهەرێمی ئێمە دەکرێت کە حکومەتی ئێراقی بەهەرِەشەی تێدەگات لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب و ئێراقی . وەک دەرهێنانی نەوت. هەندێکیان فیدرالیەت بەهەرِەشە تێدەگەن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی!. بیریشت نەچێت هەر ئەم پەرِلەمانەی خۆشمان بوون ئێراق لەپێناسەی نەتەوەیی عەرەبی جیاناکەنەوە... کەواتە جارێ بائەو پەرِلەمانتارانە ئەم مەسەلانە یەکلابکەنەوە بۆمان. ئەوسا بێنە ئاسایشی نەتەوە بە ئازادی رِۆژنامەنوسان بفرۆشنەوە.

بەداخەوە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان ئاوەها بەرەو کارتۆنیەت ملدەنێت، بەمەرجێک کەسانی وەهای تێدابوو کەسەروسەودایان لەگەڵ ئەدەبدا هەبووە، کەدەبوو بەو سیفەتەیان لەڕۆژنامەنوسان زیاتر داکۆکی بکەن لەئازادیەکانی بڵاوکردنەوە. جگەلەوە من تێناگەم بۆچێ دەبێت ئێمە بەیاسایەک سروشتی نەعامە بدەینە پاڵ خۆمان، لەو وەهمەدا بژین کەسەربخەینە چاڵێکەوە ئیدی ئەوانی تریسش وەک ئێمە شتەکان نابینین. ئەمە لەسەردەمی ئینتەرنێت و چاخی زانیاریدا کارێکی گاڵتەجاڕیە. جگەلەوە ئازیزم یاریەکان ئێستا ئەمڕۆ ڕوون و ئاشکران، ئەم هێزە خێڵکیانە چەندە بەرگی دیموکراتخواز بپۆشن ناتوانن دیموکراتخوازبن، دیموکراتیەت پێویستی بەکەسانی دیموکرات هەیە، ئەمەش هەر کەسێک بن لەم دنیایەدا دەسەڵاتی کوردی نیە. فاشیەت و نازیەت یەکەم کاریان ئەوەبوو بەناوی ئاسایشی نەتەوەیەوە هەموو ئازادیەکانی ڕۆژنامەنوسیان سانسۆر کرد تاوەکو گەیشتۆتە ڕادەی کتێب سوتاندن. بڕوام پێبکە گەر پارەی هەرێم کەدەیاندرێتێ پابەند نەبێت بەومەرجانەی کەدەبێت دیموکراسیانە هەڵسوکەوت بکەن وکۆمەڵگەی مەدەنی دامەزرێنن، بۆ هیچ نا تەنها لەبەر ئەوەی ئەم بەشەی ئێراق بەهێمنی بمێنتەوە. گەر ئەو پارەیە لەبندەستی خۆیاندا بووایە، و چاویان لەدنیا نەبوویایە، تەنانەت ئازادی ڕۆیشتنیشیان بەعورفی دەسەلاتی خۆیانەوە پابەند دەکرد. چیتر ئەوەی ناوێت خۆمان بەشیکردنەوەی فیکری وفەلسەفی دیاردەیەکەیەوە خەریک بکەین کەوەک خۆر ئاشکرایە: ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم دەسەڵاتێکی دیسپۆتداین.

پ: لە پروَژەیاسای سەندیکدا هاتووە کە نابێت روَژنامەنوسان بابەتێك یان هەوالێك بلاَو بکەنەوە کە پیروَزییەکانی کومَەڵگا لەکەدار بکات پیتان وایا ئەم برگەیە لەم یاسایەدا ئامانج لێی بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکانی روَژنامەنوسان بێت لەکوردستان .

ئیسماعیل حەمەئەمین: کوا ئێمە پیرۆزیمان ماوە، تاوەکو ڕۆژنامەنوس پێوەی مولتەزیم بێت.ئەمە نوکتەیە وانیە!. بمبورن کەدەبێت تۆزێک سادەتر لەوە بئاخڤێم کەلەنوسینمدا پێی ڕاهاتووم. بەڵام بادوورکەوینەوە لەفۆرمولەکردن چونکە ئەم گاڵتەجاڕیەی ساندێکای ڕۆژنامەنوسان لەوە زیاتر هەڵناگرێت. ئەوەی شەرف و ژنی کوردی ئەتکرد ولەسەربازگەکانی باشوور وناوەڕاستدا تەعدای لێکردن، ئێستا سەرەڕای ئەوەی بەئیعدام حوکمدراون، هەر سەرکردەی کوردیە کەنایەڵێت سزای خۆیان وەربگرن. بابزانم پەڕلەمانی ئێمە بۆ دەنگی لێنایەت!. لەوە زیاتر تەشهیر و ئیهانە وسوکایەتیکردن زیاتر بەکەرامەت و شەرەفی ئەو نەتەوەیەی ئەوان ئاسایشەکەی دەپارێزن، زیاتر دەبێت چیتر هەبێت ناوی پیرۆزی بوونی هەبێت. سوڵتان هاشم بەئاشکرا لەدادگا گووتی: من یەک تۆز چیە لە ئەنفال پەشیما نیم!.. ئیدی کامە پیرۆزیە پەڕلەمان باسی لێوەدەکات!. گەر ئێمە پیرۆزیمان هەبوویایە ئەوەندە پاریزگاریمان لەچەتە و پیاوکوژانی ئەنفال و ژنکوژان نەدەکرد. کۆمەڵگەی کوردی هیچ پیرۆزیەکی نەماوە لەکەدار نەبێت، هەر لەدزینی نانی دەمی منالانی کوردەوە بیگرە تاوەکو گەندەڵکردنی سەرجەم دەزگا زیندووەکانی کۆمەڵگە. پیرۆزی چیە کەمرۆڤ لەگەڵ پیاوکوژانی دوێنێ خۆیدا ئاشتبێتەوە، پیرۆزی چیە گەر لەسەدا دووی دانیشتووان لەوپەڕی تێریدا بن وئەوانی دیکەش برسی ودەربەردەر. پیرۆزی ئێمە لەکوێدایە کەگەندەڵی لەهەموو شوێنێکی ئەم دەڤەرەدا بۆتە یاسای ژیان. پیرۆزی لەکوێدایە کەئاین بۆتە پەیژەیەک بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە دەسەڵات و سامان و بەناویەوە کتێبی پێدەسوتێنرێت و خەڵکی پێسەردەبڕدرێت و ژنی پێ زیندەبەچاڵ و بەردباران دەکەن. پیرۆزی لەکوێدایە کەڕۆژنیە لەم دەڤەرەدا ژن نەکوژرێت، ڕۆژنیە گەنجانی ئەم وڵاتە لەتاو پیرۆزی ئێوە زێدی

خۆیان جێنەهێڵێن.
پیرۆزیەکان لەدوای عەسرەوە دەردەکەوێت، لەباڵاخانەکانی دەرەوەی شار و شوێنی کەیف و سەفا موقەدەسەکان. پیرۆزی لەکوێدایە تاوەکو بکرێت بەیاسا!. ئەم دەبڵ ئەخلاقیەی کەئەمڕۆ لەئارادایە دژی پیرۆزیە، نەک قسەکردنی سەربەستانە لەمەڕ کێشەکانی سێکس و ئاین و کۆمەڵگە و گەندەڵی. دووڕوویی ئەخلاقی لەوەدایە کەئەوەی بۆمن حەرامە، بۆ دەسەلات حەڵاڵە. دیموکراتیەت و ئازادی لەم دەڤەرەدا تەنها بۆ دەسەڵاتدارانە، نەک بۆ هاولاتیان و ڕۆژنامەنوسان .
من ئەڵێم باشترین وەڵامدانەوەی ئەو یاسایە سەندنەوەی شەرعیەتە لەسەندیکای رۆژنامەنوسانێک کەبەم جۆرە گاڵتەجاڕیە ڕازیە. بائەو بەڕێزانەی ئاوەهاخۆیان بەگاردی پیرۆزیەکان تێدەگەن.ئەو هەموو پیرۆزیانەمان نیشاندەن کەئەم دەڤەرەی ڕۆشنکردۆتەوە، ئەوساکە بائەم پەڕلەمانە پیرۆز و سەندیکا پیرۆزە و سەرکردە پیرۆز و پارتە پیرۆزانە بیکەنە پێوانەیەک، ئەمە پیرۆزیەکە خۆشیان گاڵتەیان پێدێت. پیرۆزیەکە لەسەر بنەمای سانسۆر دروستبووە ولەڕێگەی ئەوەوە پاریزگاری لەدەسەڵاتێکی دیسپۆت بکات، جگەلە پیرۆزی بەڕبەڕیەکان نەبێت هیچی دیکە نیە.